# لەخەیاڵی قەسیدەیەکی هاوڕێما

## بۆ تۆ ئەی ئەو ڕێبوارەی کۆڵانەکانی دڵنیاییت ونکردوە



نامق هەورامی

لەخەیاڵی دارژاوی ئێوارەیەکدا
شیعرێکی غەریب لەدەرگای دڵنیایی
دەدات
هەناسەیەك ماڵی سنگ و
نیگایەك ڕێگای گەڕانەوە بۆ گلێنەکانی
بیردەچێت
کەنارییەك لەودیو سنورەکانی بینینەوە
لەخەیاڵی قەسیدەیەکی پەرتا
دێتەوە نیشتمانی باخچەو
گۆرانیەکانی دڵنیایی دەچڕێت
لەجەنجاڵی کۆڵانەکانی بونەوە دێت
باسوقی خەیاڵ و
گەزۆی زارو
ڕەنگاڵەی خەونەکانی
لەئاژینی باخچەیەکی شەرابردووی
زەمەنی دوای ئافاتەکانی جەنگ دەدات...
ئێوارەیەك..
غەریبێك لەکۆڵانەکانی نیشتمان
کرێچییەك لەماڵی خۆی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نامۆیەك لە خەیاڵەكانی خۆیدا

وجودێك لە سارای عەدەم

پێكیٚ شیعری سەرهەڵگرتوو پەلی دەگریٚ و

دەیباتە خەڵوەتی باران....

ئەی خەیاڵی تەڕو بڕی وەرزێكی وشكی نیشتمان

لێرە گۆرانییەك نییە بۆ چڕین

چاوێك نییە ،

لەودیوو شتەباوەكانەوە

باخەكانی دەیری بون و

سێبەرەكانی سەراب و

هەرنەبیٚ

خەمی زبری قۆخێك ببینێت

كەهەناوی كون كون بووە...

ئێوارەیەك..

گۆرانییەكی شان ومل خوێناوی خۆزگە

نیشتمانی قاتوقڕی ئاوازەكان

جێدەهێڵێت

نەلەگەروی شمشاڵێكداو

نەلەناو ژێی كەمانێكا سروت ئەگریٚ

ئەم ئاوازە درەنگ شەویٚ،

خۆی بە ئەڵقەی دەفێكەوە ئەدا لەدار..

ئەم ئاوازە

چایكۆفسكی ناوی ناوە یاخیبون و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مۆزارت گۆرانی شێتانەی پێدەڵێت...

درەنگ عەسرێکی پایز بوو

بەرلەوەی خۆر کاڵبێتەوە ،

بەرلە ئەتکردنی ناموسی باخچە

نالی رەشنوسی یەکەمی چامەکەی بۆ سالم نوسیبوو

چامەیەك..

وەك دەنگی هاورِێکەم ناسك ،

وەکو وجودی من ماندوو،

هێندەی خەمی ئەنفال گەورە

ماڵاوایی لە کتێب و

لەگۆڤارو رۆژنامە کرد..

( لە وێسگەیەکی شەمەندەفەرا چەند پیتێکی ئەو چامەیە یەخە بە پۆشکین دەگرن، ئەویش لە پەیمانگای رۆژهەلات ناسی پیتەکانی بۆ لێك دەدەنەوە وشەیەك دەردەچێت کە دڵنیایی پێدەڵێن ..پۆشکین لەبەر رۆشنایی ئەم وشەیە شاکاری قەرەج ی نوسی ، لەپەراوێزی دەسنوسەکەیدا پۆشکین دەڵێت :

قەرەجەکان نەگەشتونەتە حەقیقەتی نیشتەجێبوون بۆیە دڵنیایی لە کۆچدا دەبیننەوە )

لەدیو سنورەکانی ئاگاییەوە تاچاو برِکات

قەرەجەکانی نیشتمان

گەرمیان و کوێستانی دڵنیایی دەکەن ..

هاورِێم..

دڵنیایی سیزیفی شەکەت کرد،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بۆ ئەوەی کچە گوڵ گوڵیە هۆڵەندیەکە دڵنیا بێت،**

**ڤانکۆخ گوێچکەیەکی خۆی بڕی...**

**بۆ ئەوەی چیدی ئەنفال نەکرێت**

**گەرمیانێك سەری خۆی هەڵگرت ،**

**سەرێك ...**

**پڕە لە هەزاران ئای ئای**

**هۆرەی بەکوڵی لێدەرژێت**

**ئەو گەرمیانە ..**

**کوێستانی خەمی گەورەمە،**

**دڵنیایی هەناسەی ساردی غوربەت و**

**ڕەشبونەوەی سەری سپی ئومێدێکمە..**

( لەداستانە کۆنەکاندا باسی خۆشەویستی ئومێد و دڵنیایی کراوە ، لە داستانی گەلگامیشدا هاتوە ، کاتێك خواوەندەکان دڵنیاییان لەدەسدا ، ئومێد وەك دەیری کەوتە کێوان ، دەشلێن پاش ئەوەی حەمورابی چەمکی ئومێدو دڵنیایی لە مەملەکەتەکەیا نامێنێت ، یاسایەکی نوێ ئەنوسێتەوە ، نیچەش لە زمانی زەردەشتەوە دەڵێت:

**دڵنیایی لەگیرفانی لالە مەجی گەرمیانا بوو**

**لەنوگرە سەلمان لێی ڕژا !!!**

**لەقوڵفی فەقیانەکەی دایکما بوو**

**لەهەڵبجە فەقیانەکەیان بڕی**

**ئئئئئئئئئئئئئئئئاااااااااااااااااااااااخخخخخخخخخخخخخخخخخخ**

**برادەر گیان**

**تەنیا قەفەس دڵنیایی دەداتە کەناری**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تا رەشەبا پەڕەکانی نەوەریّنیّ..

مردن دڵنیابییمان دەداتیّ

تابەدەست ژیانەوە نەبینە پەن،

عەشق لیواولیّوە لەئارامی و دڵنیایی

ئاخر عەشقیش

قەفەسی دڵ و

مردنە لە دوری ئازیز..

namqhawramy@hotmail.com



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com